*Journal of Language Studies.* **Vol.VI, No.1, Autumn 2022, Pages (238-250)**

**ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)**

**Journal of Language Studies**

**Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about**

# Using Main Informations in Didactic Dictionary (Harza Dictionary) as a Model

**Suzan Saadulla Abdulghany ***

**Charmo University/ College of Education and Language**

**suzan.saadulla@charmouniversity.org**

**&**

**Fakhir Najmadeen Qara Mohammed**

**Charmo University/ College of Education and Language**

**fakhir.najmadeen@charmouniversity.org**

**Received:** 20 /6 /2022 , **Accepted:** 26 /7/2022 , **Online Published : 20 /12/ 2022**

## Abstract

In This paper, statistical method is followed which is an important method in Linguistics and Lexicography, the paper focuses on using main informations in didactic dictionary in (Harza dictionary) as a specific Kurdish- Kurdish didactic dictionary for Secondary and High School students, and show the important statistical tables for main informations in didactic dictionary and the paper denotes the main informations in Linguistics, Phonology, Morphology, Syntax and Semantics, after that we study encyclopedic informations and terms in Secondary and High School textbooks in (Harza dictionary), Finally The Paper has resulted the significant points at the end.

**Keywords:** didactic dictionary, main informations, encyclopedic informations, language levels, terms.

# استعمال المعلومات الأساسية في المعجم التعليمي (معجم هرزه) انموذجا

**د. سوزان سعدالله عبدالغني**

**جامعة جرمو/ كلية التربية و اللغات**

**و**

**فاخر نجم الدين قره محمد**

**جامعة جرمو/ كلية التربية و اللغات**

* **Corresponding Author**: Dr. Suzan Saadullah Abdulghany, **E.Mail**:suzan.saadulla@charmouniversity.org , **Tel**: +9647719716689, **Affiliation**: Charmo University- Chamchamal -Iraq

**الملخص:** ان المنهج الاحصائي المتبع في دراسة اللغة و صناعة المعاجم من المناهج الضرورية و المهمة و انطلاقا من هذا المنظور يتمحور بحثنا حول بيان المعلومات الأساسية في المعجم التعليمي (معجم هرزه) كمعجم التعليمي كوردي– كوردي للمرحلتين المتوسطة و الاعدادية و بيان أهم الجداول الاحصائية التي تقصت المعلومات الاساسية للمعجم التعليمي و بيان أنواع معلومات مستويات اللغة من حيث علم الصوت و الصرف و النحو و الدلالة و يضاف الى ذلك بيان معلومات موسوعية و مصطلحات في الكتب المدرسية للمرحلتين المتوسطة و الاعدادية في (معجم هرزه)، و في نهاية البحث أشرنا لأهم النتائج التى توصلنا اليها.

**الكلمات الدالة:** المعجم التعليمي، المعلومات الأساسية، المعلومات الموسوعية. المستويات اللغوية، المصطلح.

## بەکارهێنانی زانیارییە سەرەکییەکان لە فەرهەنگی فێرکاری (فەرهەنگی هەرزە) بە نموونە

**ئەم توێژینەوەیە هەڵهێنجراوی نامەی ماستەرە لە بواری زمانی کوردی بە ناونیشانی (بنەماکانی فەرهەنگی فێرکاری (هەراشان، هەرزە) بە نموونە).**

**د. سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی**
**زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی پەروەردە و زمان**
**و**
**فاخر نەجمەدین قەرەمحمد**
**زانکۆی چەرموو/ کۆلێژی پەروەردە و زمان**

لەم توێژینەوەیە ڕێبازی ئاماری پەیرەوکراوە، کە ڕێبازێکی گرنگە بۆ توێژینەوەی بواری زمانەوانی و فەرهەنگنووسی، ڕێبازی ئاماری بەکارهاتووە بۆ نیشاندانی ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی فێرکاری لە (فەرهەنگی هەرزە)، کە فەرهەنگێکی فێرکاری کوردی – کوردییە بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی و نیشاندانی گرنگترین خشتە ئامارییەکان، بەکارهێنانی زانیاری ئاستەکانی زمان وەک، زانیاریی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی هەروەها نیشاندانی ڕێژەی بەکارهێنانی زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن لە کتێبی قوتابخانەکان لە (فەرهەنگی هەرزە). لە کۆتاییدا ئاماژە بە گرنگترین ئەنجامەکان دراوە.
کلیلی وشەکان: فەرهەنگی فێرکاری، زانیارییە سەرەکییەکان، زانیاریی گشتگیری، ئاستەکانی زمان، زاراوە.

## بەشی یەکەم: فەرهەنگی فێرکاری و زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ

### ١-١) چەمکی فەرهەنگی فێرکاری

کتێبی فەرهەنگ زۆرە و هەر یەک بۆ مەبەست و ئامانجێک دادەنرێن، بەڵام فەرهەنگی فێرکاری لە ڕووی زاراوەکەوە، لە (فەرهەنگ) بە هۆی دیارخەری

(فێرکاری) پێکهاتووە، کە تایبەتە بە چینێک لە بەکارهێنەری فەرهەنگ، پێکهاتەیەک ڕوون دەکاتەوە و تایبەتە بە کەسانی مەبەست. (بن مدور: ٢٠٠٥-٢٠٠٦: ٤٣) فەرهەنگی فێرکاری وەک لە ناوەکەیدا دیارە، کە مەبەست و ئامانجی فێرکارییە ئەم جۆرە فەرهەنگە چەند زاراوەیەکی تری بۆ بەکارهاتووە، وەک (فەرهەنگی قوتابخانەیی، فەرهەنگی قوتابی، فەرهەنگی فێرکاری) و هەموویان یەک مەبەست دەگەیەنن. (تارش، بوجملین: ٢٠١٥: ١٥٨)
سلیمە بن مدور بەم جۆرە پێناسەی دەکات: هۆکارێکە لە هۆکارە پەروەردەیی و فێرکارییەکان کە قوتابی پێویستی پێیەتی لە خوێندن و توێژینەوە و یاریدەی سەرکەوتنی کردەی فێرکاری دەدات، ئەو جۆرە فەرهەنگانە یان یەک زمانیین یان جووت زمانییە. (بن مدور : ٢٠٠٥-٢٠٠٦: ٤٦)
سەنگەر عەلی مامە بەم جۆرە پێناسەی دەکات: ئەم جۆرە فەرهەنگانە مادەی فەرهەنگی فێرکارییەکەی زمانە، کە گرنگی بە چۆنیەتی توانای خوێندنەوەی دەق و نووسین و قسەکردن و تێگەیشتن دەدات لە گرنگترن جیاوازی ئەم جۆرە فەرهەنگانە ئەوەیە زنجیرەیەکن ڕەچاوی گەشەی زمانی زمان لەلای بەکارهێنەری فەرهەنگ دەکەن و پشت بە وێنە و وێنەکێشان دەبەستن. (مامە:٢٠١٣: ٢٨). لە کۆی ئەم پێناسانەدا دەتوانین بە پێناسەیەک بگەین بۆ فەرهەنگی فێرکاری، کە جۆرێکی تایبەتی فەرهەنگن بۆ مەبەست و ئامانجی دیاریکراو و قۆناغێکی تایبەتی و پێویستیی ئەو قۆناغە دادەنرێن و ڕەچاوی گەشەی زمانی ئەو قۆناغە دەکرێت و ئەم جۆرە فەرهەنگە یاریدەدەرێکی باشە بۆ قوتابی لە پرۆسەی خوێندندا.

**١-٢) زانیاریە سەرەکییەکانی ناو فەرهەنگ**

زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ جۆراوجۆرە و خزمەتی بەکارهینەری فەرهەنگ دەکات لە تێگەیشتنی زمان و دەرپرین و وەرگرتنی زمان ئەم جۆرە زانیارییانە لە فەرهەنگدا پێویست و گرنگن. (مامە: ٢٠١٣: ١٠١) دەتوانین زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگی فێرکاری بکەین بە دوو بەشی سەرەکی، یەکەم: زانیاری لە بارەی ئاستەکانی زمان، دووەم: زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن.

**١-٢-١) زانیاریی ئاستەکانی زمان**

زانیاری ئاستەکانی زمان بریتین لە زانیاری بوارەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی کە زانیاری گرنگن لە فەرهەنگدا و بەتایبەتی لە فەرهەنگی فێرکاری بۆ ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی لایەنە جۆربەجۆرەکانی بواری زمانەوانی و زیادکردنی زانیاری زمانەوانی لە لای قوتابی.

**١-١-٢-١) زانیاریی دەنگسازی**

ئاماژە کردن بە زانیاری دەنگسازی لە فەرهەنگی فێرکاری گرنگ و پێویستە، زانیاری فۆنەتیکی و فۆنۆلۆژییە، یان سیستەمی نووسینی دەنگەکان فۆنێم و دابەشکردنی هێز و ئاوازە و دەرخستنی چۆنیەتی گۆکردنی دەروازەکانی فەرهەنگ و ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان وشە و نووسین لە فەرهەنگە نوێیەکاندا کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە. (مامە: ٢٠١٣: ١٠٢) لە فەرهەنگدا هێمای خاڵبەندی دادەنرێت بۆ ئاوازەی ڕستەکان، ئاوازە بریتییە لە گۆڕینی لەرینەوەی ژێیەکان، کە دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازەی ڕستە و ئەمەش واتای جیاواز بە ڕستە دەبەخشێت. (ئەمین: ٢٠٠٩: ٢٨٩) بۆ ڕستەی هەواڵی، کە

هەواڵێک دەگەیەنێت هیمای (.)ی بۆ دادەنرێت، ڕستەی پرسیار بە هۆی وشەی پرس یان ئاوازە دروست دەبێت و هێمای (؟)ی بۆ دادەنرێت، ڕستەی سەرسوڕمان بە وشەی سەرسوڕمان یان ئاوازە دروست دەبێت و هێمای (!)ی بۆ دادەنرێت. ئەو زانیارییە دەنگسازییانەی لە فەرهەنگ دیاری دەکرێن، بریتین لە.

١- ئاماژە دان بە خوێندنەوەی وشە و زاراوەکانی ناو فەرهەنگ: لە فەرهەنگدا ئاماژە بە چۆنیەتی خوێندنەوەی وشە و زاراوەکان دەدرێت، لە فەرهەنگی کوردی – کوردی چۆنیەتی خوێندنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ بە زۆری دیاری ناکرێن. لە زمانی کوردی خوێندنەوە و نووسین تاڕادەیەک یەکسانن و هەندێک زمان ڕێنووس و خوێندنەوەیان جیاوازن، وەک زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و ... هتد. (شێخ تەیب: ٢٠٢١: ٩٩) چونکە ڕێنووسی کوردی بە پێچەوانەی هەندێک زمان ژمارەی نیشانەکان و فۆنێمەکان تاڕادەیەک یەکسانن و هەر وشەیەک چۆن گۆدەکرێت ئاوا دەنوسرێت واتا نووسینی کوردی تاڕادەیەک فۆنێمییە. (عەلی: ٢٠١٤: ٦٦) لە هەندێک زمان نووسین و قسەکردن یەکسانە بەڵام لە هەندێک زمانی تر چونکە نووسین ماوەیەکی زۆری بە سەر ڕۆیشتووە و نەگۆڕدراوە بۆیە نیشانەکان و فۆنێمەکان یەکسان نین و زمانی کوردی لەم ڕووەوە لە نێوان ئەو زمانانەدایە. (فەتاح: ٢٠١١: ٢٢٦)

٢- ئاماژە دان بە هێز: هێز بریتییە لە زیادە وزەیێکی دەنگی، کە لە پڕ لە سەر یەکێک لە بڕگەکانی وشە سەرهەڵدەدات. (ئەمین: ٢٠٠٩: ٢٨٤) بە گۆڕینی هێز واتا دەگۆڕێت، وەک لە وشەی (خەوتن) کە هێز لە سەر بڕگەی کۆتایی بوو ئەوە (چاوگ)ە، بەڵام ئەگەر هێز لە سەر بڕگەی یەکەم بوو ئەوە بە واتای (خەوت+ (ن) جێناوی لکاو)ە، بە واتای (ئەوان خەوتن.) یان (ئێوە خەوتن.) دێت، هێز واتای وشەکانی زمان دەگۆڕێت، لە زمانی کوردیدا هێزی سەرەکی لە وشەی مۆرفۆلۆژی لە سەر بڕگەی کۆتایی وشەکانە. (غەریب: ٢٠١٩: ١٢٥-١٢٦) لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشە، بەڵام هەندێک ناوێزە دەردەکەوێت، وەک، (چونکە، بەڵام، هێشتا ... هتد) لەم وشانەدا هێز کەوتووەتە سەر بڕگەی یەکەم. (ئەمین: ٢٠٠٩: ٢٨٥)

**١-٢-١-٢) زانیاریی وشەسازی**

زانیاریی وشەسازی لە فەرهەنگدا پێویستە و لە فەرهەنگدا نابێت تەنها لێکدانەوەی وشە بە وشە دابنرێت و دەبێت لە فەرهەنگدا ئاماژە بە زانیاریی بەسوود بدرێت، کە پێویستن بۆ قوتابی لە خوێندنی قوتابخانەیی. (تارش: ٢٠١٢- ٢٠١٣: ١٢٧)

لە فەرهەنگدا ئاماژە بە زانیارییە وشەسازییەکان دەدرێت، کە بریتین لە.

١- دیاریکردنی بەشەکانی ئاخاوتن: بە زۆری گرنگی بە دیاری کردنی بەشەکانی ئاخاوتن دەدرێت. (مامە: ٢٠١٣: ١٠٢) بەشەکانی ئاخاوتن بە شێوەی کورتکراوە لە ناو دوو کەوانە لە بەردەم دەروازەکانی فەرهەنگ دادەنرێت، وەک، ناو (ن.)

٢- زانیاری پێکهاتەی وشـــەکان: لە فەرهەنگدا زانیاری لە ســەر وشـــەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە دەدرێت، وەک (وشـــەی ســادە، وشـــەی داڕێژراو، وشـــەی لێکدراو) هەندێک جار لە فەرهەنگی فێرکاری ئاماژە بە جۆری وشەکە لە ڕووی پێکهاتنەوە دەدرێت، وەک، دار (ســـادەیە) و نووســـەر (داڕێژراوە) و دارتاش (لێکدراوە).

٣- ناو لەڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە): پێویســـتە لە فەرهەنگدا ئاماژە بە ناوی نێرینە و مێینە بکرێت. ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە، بریتین لە، (ناوی نێرینە، ناوی مێینە، ناوی دوولایەن، ناوی بێلایەن).

٤- ناو لە ڕووی ناسراوییەوە (ناوی ناسراو و نەناسراو): پێویستە لە فەرهەنگدا ئاماژە بە ناوی ناسراو و نەناسراو بکرێت.

٥-ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ): لە فەرهەنگدا ئاماژە بە ناوی کۆ و تاک دەکرێت. (تارش، بوجملین: ٢٠١٥: ١٦٤)

**١-٢-١-٣) زانیاریی ڕستەسازی**

زانیاریی ڕســـتەســـازی لە فەرهەنگدا، ئەم جۆرە زانیارییانە یارمەتیدەری تێگەیشـــتنن و گرنگن لە فەرهەنگی فێرکاری و زانیاریی ڕســـتەســـازی و وشـــەســـازی لە گرنگترین زانیارییەکانی فەرهەنگی فێرکارین، بۆیە ئەم جۆرە زانیارییانە زانیاریی گرنگ و پەیوەستن بە سروشتی زانستی و فێربوون لەلای قوتابی. لە فەرهەنگی فێرکاری ئاماژە بە زانیاری ڕســـتەســـازی دەدرێت ئەو زانیارییانە، بریتین لە،

١- ئاماژەدان بە کار لە ڕووی کاتەوە (ڕابردوو و ڕانەبردوو): هەندێک جار ئاماژە بە کــاری ڕابردوو و کــاری ڕانەبردوو لە فەرهەنگی فێرکــاری دەدرێــت، لە ڕوونکردنەوەی دەروازەکــانی فەرهەنــگ ئــامــاژە بە کــاری ڕابردوو و ڕانەبردوو دەدرێت، هەندێک جار بەشیوەی کورتکراوە لە فەرهەنگدا دادەنرێت.

٢- ئاماژەدان بە کار لە ڕووی هێزەوە ( کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ): ئاماژە دان بە جۆرەکــانی کــار لە ڕووی هێزەوە (کــاری تێپەڕ و تێنەپەڕ)، کە بۆ فەرهەنگی فێرکاری گرنگە. (بن مدور : ٢٠٠٥-٢٠٠٦: ٨٢) لە ڕوونکردنەوەی دەروازەکانی فەرهەنگ ئاماژە بە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ دەدرێت، بەشـــێوەی کورتکراوە لە فەرهەنگدا دادەنرێت.

٣- زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی دەروازەکان: بریتییە لە زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی وشـــەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەروازەکان (وشـــە و ئامرازەکان) لە ڕســـتەدا، لە فەرهەنگدا ئاماژە بە ئەرکی وشـــە ئەرکییەکان دەدرێت و واتا و ئەرکە ڕســـتەســـازییەکانیان دیاری دەکرێت، وەک، زانیارییە ڕێزمانییەکانی بەکارهێنانی وشـــە و ئامرازەکان، وەک، بەکارهێنانی، جێناو، جێناوی نیشـــانە، ئامرازی گەیەنەر، ئامرازی پەیوەندی ... هتد. (تارش: ٢٠١٢-٢٠١٣: ٧٤)

**١-٢-١-٤) زانیاریی واتاسازی**

زانیاریی واتاســازی لە فەرهەنگی فێرکاری گرنگە و یەکێک لە کارە گرنگەکانی فەرهەنگ شیکردنەوە و لێکدانەوەی وشەیە لە فەرهەنگی فێرکاری، کە چەند ڕێگەیەک هەیە بۆ شـــیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای وشـــەکانی فەرهەنگ ئامانجی سەرەکی فەرهەنگی زمان دەرخستن و لێکدانەوەی واتای وشەکانی زمانە هەرچەندە وشەکانی زمان لە توانایاندا هەیە لە بری یەکتر بەکاربهێنرێن

و پەیوەندی ئاڵوگۆڕ و لە جیاتی دانان لە نێوانیاندا هەیە. (تۆفیق: ٢٠٠٨: ٢٥) زانیاریی واتاسازی مەبەست لە شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتای وشەکان نییە، بەڵکو ئەو زانیارییانەی چواردەوری وشەکان و پەیوەندی نێوانیانە و پێویستە فەرهەنگی فێرکاری گرنگی بەو جۆرە زانیارییانە بدات، وەک، هاواتا و دژواتا لەگەڵ ئاماژە بە پەیوەندی وشە و ئەو بوارانەی وشەکەی تێدا بەکاردێت. (تارش: ٢٠١٢-٢٠١٣: ٧٥)

لە فەرهەنگی فێرکاری ئاماژە بە چەند زانیارییەکی واتاسازی دەدرێت، لەوانە،

١- ئاماژەدان بە هاوواتا: هاوواتا بەم شیوەیە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لە دوو وشە یان زیاتر، کە یەک واتایان هەبێت. (دزەیی: ٢٠١٤: ١٣٥) لە روونکردنەوەی وشە و زاراوەکان بە هاوواتا ئەوەیە، کە بۆ دەروازەکە دەرپراوی هاوواتا دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکە ئەم شێوەیە ڕێگەیەکی کورتە لە فەرهەنگدا بەکاردێت. (تارش: ٢٠١٢-٢٠١٣: ١٠١) لەم جۆرە فەرهەنگانە ناتوانرێت و لە تواناداا نییە هەموو هاوواتاکانی وشەکان بەکاربهێنرێت. (حاجی مارف: ١٩٧٨: ١١٦)

٢- ئاماژەدان بە دژواتا: بەو وشانە دەوترێت، کە دژ و پێچەوانەی یەکترن. (دزەیی: ٢٠١٤: ١٤٢) لە بواری ڕوونکردنەوەی واتا لە فەرهەنگی کوردیدا بەکاردەهێنرێت، بەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە لە ڕوونکردنەوە بەسوودە بۆ لایەنی فێرکاری بۆ قوتابییان، بەڵام هەندێک جار واتاکە ڕوون ناکاتەوە و کاتێک قوتابی دەیەوێت واتای وشەیەک بزانێت، دەبێت وشە شیکراوەکە لە ڕێی واتای دژواتاکەی تێبگات و هەندێک جار ئەم دژواتایە خۆی پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە و قوتابی پێویستی بە زانینی واتای دژواتاکە دەبێت و ئەمە دەکەوێتە سەر توانای کەسێتی قوتابی لە تێگەیشتنی واتاکە. (تارش: ٢٠١٢-٢٠١٣: ١٠٦)

**١-٢-٢) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن**

ئەم جۆرە زانیارییانە لە فەرهەنگی فێرکاری بریتین لە ناوی کەس و شوێن و ڕووەک و ئاژەڵ و ڕووداوی مێژوویی ... هتد و زانیاریی زاراوەیی، کە لە فەرهەنگ تۆماردەکرێن و زانیاری بەسوودن بۆ بەکارهێنەری فەرهەنگ.

**١-٢-٢-١) زانیاریی گشتگیری**

زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدیی) ئەم جۆرە زانیارییانە لە فەرهەنگی فێرکاری دادەنرێت پڕکردنەوەی زانیاری زیادەی جیهانی دەرەکی نییە، بەڵکو پێویستییەکی گرنگی فەرهەنگە زانیاریی گشتگیری لە هەموو جۆرە فەرهەنگێک گرنگ و پێویستن ئەو زانیارییانە بریتین لە ناوی کەسایەتی و ناوی باڵندە و ناوی ڕووەک و درەخت و ئاژەڵ و ... هتد. (عمر:٢٠٠٩ : ١٦٠) بە تایبەت لە فەرهەنگی فێرکاری ئاماژە بە زانیاریی ڕۆشنبیری لە پاشکۆکان یان لە ناو فەرهەنگدا دەدرێت، کە ئەم جۆرە زانیارییانە گرنگە و قوتابی سوود لەم زانیارییانە دەبینێت، وەک زانیاری مێژوویی و ئاینی و زانستی ... هتد، کە لە ژیانی قوتابی گرنگی خۆی هەیە. (تارش: ٢٠١٢-٢٠١٣: ٧٦) زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) لە فەرهەنگدا چەند جۆرێکن، وەک،

١- ناوی کەسەکان و ناوی شوێنەکان و ناوی ڕووەکەکان و ناوی ئاژەڵەکان دەگرێتەوە.

٢- زانیاری لە سەر هەندێک ڕووداوی مێژوویی و دیاردەی دەرەوەی زمان.

٣- زانیاری لە سەر هەندێک زاراوەی زانستی. (عمر: ٢٠٠٧: ١٦٠)

**٢-٢-١) زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن**

زانیاریی زاراوەیی لە فەرهەنگدا تۆماردەکرێت و بە تایبەتی لە فەرهەنگی فێرکاری، زاراوە ئەو وشەیەیە کە تایبەتە بە بوارێک و پسپۆرییەکی تایبەت و مەرج نییە هەموو کەسێک واتای بزانێت زاراوەکانی فەرهەنگی فێرکاری بۆ هەر قۆناغێکی خوێندن بەپێی بابەتەکانی ناو پرۆگرامی خوێندنەکەیە، وەک، وشە و زاراوەی ئەم بابەتانە (پەروەردەی ئیسلامی، زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان وەک، مێژوو، جوگرافی، پەروەردەی نیشتمانی، بابەتە زانستییەکان وەک، فیزیا، کیمیا، زیندەزانی) دەبێت فەرهەنگی فێرکاری زاراوەی جۆراوجۆری بوارەکانی خوێندن لەخۆبگرێت بەپێی پێویستی قۆناغەکە و یارمەتیدەرێکی باش بێت لە ڕوونکردنەوە و لێکدانەوەی واتا و زانیاریی بواری زمانەوانی و زانستی بۆ قوتابیان.

**بەشی دووەم: زانیارییە سەرەکییەکان لە فەرهەنگی هەرزە**

**٢-١) ناساندنی فەرهەنگی هەرزە**

فەرهەنگی هەرزە فەرهەنگێکی کوردی -کوردییە، کە تایبەتە بە قوتابییانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی، لەم فەرهەنگە ڕەچاوی شێوەزاری بادینی و زاری کوردی ناوەڕاست کراوە، ئەم فەرهەنگە یەکێک لە پرۆژەکانی کۆڕی زانیاری کوردستانە، لەلایەن کۆمەڵێک مامۆستاوە دانراوە وەک کارێکی هەرەوەزی کۆمەڵێک مامۆستای قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی (حەوت تا دوازدە) مامۆستا لە مامۆستایانی زمانی کوردی، کە ناوی حەوت کەسیان لە پێشەکییەکەدا هاتووە، بریتین لە (سادق ئەحمەد عوسمان ڕۆستایی، جنان سەعید محەممەد، ڕەسووڵ عەلی، ڕەسووڵ ئەحمەد، بێگەرد تەها، حەیدەر حاجی خدر). لە فەرهەنگەکەدا زۆربەی وشە و زاراوەکانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی کۆکراوەتەوە، لە ژێر چاودێری لیژنەی فەرهەنگی کۆڕدا، کە پێکهاتبوون لە (د. کوردستان موکریانی، د. عەبدوڵڵا ئامێدی، پ. ی. سەلام ناوخۆش) و پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەم پرۆژەیە لەلایەن (سەلام ناوخۆش بەکر)ەوە کراوە، لە سەرەتای فەرهەنگەکە ئاماژە بە چەند زانیارییەک کراوە، وەک، ناوی کتێب: فەرهەنگی هەرزە، ساڵی چاپ (٢٠١٢) چاپکراوە، تیراژ: (٥٠٠) دانەی لێ چاپکراوە، ژمارەی لاپەڕە: (٢٦٨)، چاپخانە: چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر. (هەرزە: ٢٠١٢: ٣-٤)

**٢-٢) زانیاریی ئاستەکانی زمان**

زانیاریی ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگی فێرکاریدا بریتین لە، زانیاریی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی.

**٢-٢-١) زانیاریی دەنگسازی**

فەرهەنگەکە فەرهەنگێکی کوردی کوردییە ئاماژە بە زانیاری دەنگسازی لەم فەرهەنگە نەدراوە، وەک، چۆنییەتی خوێندنەوە و هێز و بڕگە، تەنها نیشانەکانی خاڵبەندی لەو ڕستانەی بۆ ڕوونکردنەوەی دەروازەی فەرهەنگی لەم فەرهەنگە بەکارهاتوونە.

وەک، ڕستەی هەواڵی بە نیشانەی (.) وەک، ئەگینا (ئام.) ئەگەرنا، نەخۆ، ئامرازی مەرجە: زوو بنو ئەگینا زوو هەڵناستی. ل ١٦

ڕستەی پرسیاری بە نیشانەی (؟) وەک، چ (ئام پ.) چی ١- چ بکەیە کارێ ئەو دێ هێتە خارێ (پەندە) ٢- تە چ گۆت؟ ل ٨٩

ڕستەی سەرسوڕمان بە نیشانەی (!) وەک، بنە (ن.) ١- بنکە، بارەگا. ٢- پێداویستی سەفەر. بنەو بارگەتان تێک نێن با بڕۆین. ٣- گای ناوەند لە گێرەکردندا: خۆ گای بنە نی بۆ ناجوولێی؟! ... هتد. ل ٤٣-٤٤

لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە دەنگسازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (١) زانیارییە دەنگسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە دەنگسازییەکان | فەرهەنگی هەرزە |
| --- | --- | --- |
| ١ | زانیارییە دەنگسازییەکان | × |
| ڕێژەی سەدی | | ٠٪ |

**٢-٢-٢) زانیاریی وشەسازی**

١- ئاماژەدان بە بەشەکانی ئاخاوتن: لەم فەرهەنگەدا بە شێوەی کورتکراوە ئاماژە بە بەشەکانی ئاخاوتن دراوە،

وەک، خۆ (ج. خ) خود، خوە: خۆی کەم تەرخەمە. ل ١٠٦ لێرەدا (ج. خ.) بە واتای (جێناوی خۆیی) بەکارهاتووە.

هەندێک جار بە هەڵە ئاماژە بە بەشەکانی ئاخاوتن دراوە و لە فەرهەنگەکەدا دانراوە، وەک، پاشگەزبوونەوە (ئان. ل) ل ٥١ کە بە (هاوەڵناو) دانراوە، بەڵام وشەکە (چاوگ)ە.

هەندێک جار کورتکراوە دانەنراوە، وەک، بەڵێن دان: ل ٣٦. ئاماژە بە بەشە ئاخاوتنەکەی نەدراوە.

٢- ئاماژەدان بە پێکهاتەی وشەکان: لە فەرهەنگەکە هەندێک جار شێوەی پێکهاتەی وشەکە ڕوونکراوەتەوە، وەک، پاشگەزبوونەوە (پاش+ گەز+ بوونەوە) ل ٥١

پۆڵاین (پۆڵا+ ین) ل ٦١

هەروەها لە فەرهەنگەکە نموونەی وشەی سادە و داڕێژراو و لێکدراو هاتووە و ئاماژە بە پێکهاتەی وشەکە نەدراوە،

وشەی سادە، وەک، بادام (ن.) بادەم: بادامی کوردستان بە تامە. ل ٢١

وشەی داڕێژراو، وەک، ئاودار (ئان.) بەئاو و تەڕ: ڕێواسی ئەمساڵ ئاودارە. ل ١٤

وشەی لێکدراو، وەک، بەرزکردنەوە (چ.) بڵندکردن: بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری پلانی باشی دەوێ. ل ٣٠

٣- ئاماژەدان بە ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە ( ناوی نێرینە و مێینە): لە هەندێک نموونە ئاماژە بە ناوەکان دراوە، کە ناوی نێرینە یان مێینەیە،

وەک، هشک (ئان.) وشک، ووشک، کزر، بێ ئاف، حشک: ددیالێکتا کرمانجیا باکووردا (دار) ئەگەر هشک بوو (نێر) و ئەگەر (تەڕ) بوو (مێیە). ل ٢٥٨

ئاماژە بە ناوەکان دراوە، کە بۆ ناوی نێرینە یان مێینە بەکاردێت وەک، باپیر (ن.) ١- باوکی دایک و باوک، بابە گەورە: چوار ساڵ لەماڵی باپیرم ژیاوم.٢- ناوە بۆ نێرینە: باپیر جوتیارێکی کارامە بوو. ل ٢١

٤- ئاماژەدان بە ناو لە ڕووی ناسراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو): لە فەرهەنگەکە ئاماژە بە ناوی ناسراو و نەناسراو نەدراوە.

٥- ئاماژەدا بە ناو لە ڕووی ژمارە (ناوی تاک و کۆ): لە فەرهەنگەکە ئاماژە بە ناوی تاک و کۆ نەدراوە.
لەم خشـــتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە وشـــەســـازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٢) زانیارییە وشەسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە وشەسازییەکان | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | بەشەکانی ئاخاوتن | ✓ |
| ٢ | پێکهاتەی وشەکان | ✓ |
| ٣ | ناو لە ڕووی ڕەگەزەوە (ناوی نێرینە و مێینە) | ✓ |
| ٤ | ناو لە رووی ناراوی (ناوی ناسراو و نەناسراو) | × |
| ٥ | ناو لە ڕووی ژمارەوە (ناوی تاک و کۆ) | × |
| ڕێژەی سەدی | | ٪٦٠ |

**٢-٢-٣) زانیاریی ڕستەسازی**

١- کار لە ڕووی کاتەوە (کاری ڕابردوو و ڕانەبردوو): لە فەرهەنگەکەدا ئاماژە بە جۆرەکانی کار لە ڕووی کاتەوە دراوە.
وەک، کـاتی ڕابروو، وەک، ئـانین (چ.) ئینـان، هێنـان، هـاوردن، ئـانی (کـاری ڕابردوویە): بەفرێ سەرما د گەل خوە ئانی. ل ١٢
کاتی ڕانەبروو، وەک، پر سین (چ.) پر سیارکرن، بپر سیت: (کارێ رانەبردوویە)، تشتێ مرۆڤ نەزانیت بپرسیت شەرم نینە. ل ٥٨
لە ڕووی ڕێژەی کارەوە هەندێک نموونە بەکارهاتوونە لە فەرهەنگەکە، کارێ مەرج، وەک، دڤێ (کاری مەرجە.) پێدڤییە، پێویســـتە، دڤێت، دڤێ. ئەو هەر بیت. ل ١٢٧
٢- کار لە ڕووی هێزەوە ( کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ): لە فەرهەنگەکەدا ئا ماژە بە جۆرەکانی کار لە رووی هێزەوە (کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ) نەدراوە.
٣- زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی وشـــەکان: کۆمەڵێک نموونە هاتووە، کە زانیاریی ڕ ستە سازی لە چۆنیەتی بەکارهێنانی و شەکان لە ڕ ستەدا و ئەرکە ڕستەسازییەکانی وشە و ئامرازەکان و ڕوونکراوەتەوە،
وەک، بۆ (ئام.) ١- بۆ پرســـیارکردن، بۆچی؟ بۆ ناخوێنیت؟ ٢- تەرخان کردنی شـــتێک بۆ یەکێک: ئەســـپەکە بۆ تۆ بێت. ٣- هۆیەتی دەگەیەنێ: بۆ خوێندن هاتووم. ل ٤٥
ئەم... ە (ئان.) ئاوەڵناوی نیشـــانەیە، ناوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو پارچەکە: ئەم کتێبە زۆر بەسوودە. ل ١٧
لەم خشـــتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە ڕســـتەســـازییەکان دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٣) زانیارییە ڕستەسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | کار لە ڕووی کاتەوە (ڕابردوو، ڕانەبردوو) | ✓ |
| ٢ | کار لە ڕووی هێزەوە (تێپەڕ، تێنەپەڕ) | × |
| ٣ | زانیاریی ڕێزمانی لە بەکارهێنانی دەروازەکان | ✓ |
| ڕێژەی سەدی | | ٪٦٦,٦٦ |

### ٢-٢-٤) زانیاریی واتاسازی
زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگەکە بریتین لە،
١-ئاماژەدان بە هاووا تا: لە فەرهەنگەکە ئاماژە بە هاووا تا نەدراوە، تەنها لە ڕوونکردنەوەی واتای دەروازەکان بەکارهاتووە، کە هەندێک جار یەک هاوواتا یان زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی واتای یەک دەروازە بەکارهاتووە،
وەک، پاقژ (ئان.): پاکژ،پاک، خاوێن، بژوێن: خوارنا پاقژ بخۆ و ئاڤا پاقژ ڤەخۆ، تۆ نەساخ نابی. ل ٥١
بەنرخ (ئان.) بەقیمەت، گران: قسەی جوان بەنرخە. ل ٣٨
٢- ئاماژەدان بە دژواتا: لە فەرهەنگەکە ئاماژە بە دژواتا دراوە، کە لە فەرهەنگەکەدا بۆ دژواتا لە دەروازەکە وشەی (پێچەوانەی) و (بەروڤاژیا)ی بۆ دانراوە.
وەک، خوار (ئان.) ١- چەوت، پێچەوانەی ڕاست لار: هێڵەکە خوار نەکێشی. (ئاک.) ٢- لای ژێرەوە، بن، بەر، ژێر. ل ١٠٩
درێژ (ئان.) پێچەوانەی کورت: من درێژترم لە براکانم. ل ١٢٧
لەم خشتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیارییە واتاسازییەکان دەخرێتەڕوو.
خشتەی ژمارە (٤) زانیارییە واتاسازییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە واتاسازییەکان | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | هاوواتا | × |
| ٢ | دژواتا | ✓ |
| | ڕێژەی سەدی | ٪٥٠ |

### ٢-٣) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن
ئەم جۆرە لە زانیارییانە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت، یەکەم: زانیاریی گشتگیری، دووەم: زاراوەی بوارەکانی خوێندن.
### ٢/٣-١) زانیاریی گشتگیری
لە فەرهەنگی فێرکاری دەکرێت زانیاریی گشتگیری لە ناو فەرهەنگ یان لە پاشکۆکان بە شێوەی لیست دابنرێت، چەند جۆرێکی هەیە. وەک،
١- ناوی کەس، وەک، (ناوی کەسایەتی و نازناوی کەسایەتییەکان و شاعیر ... هتد)
قەدەم خێر (ن.ک.) ناوی ژنە کوردێکە: قەدەم خێر شێرە ژنێکی کورد بوو. ل ١٨٦
مەولەوی (ن.) شاعیری کوردی (مەلا عبدالرەحیم تاوەگۆزی) لە هەورەمان ژیاوە: مەولەوی شاعیرێکی ناودارە. ل ٢٣٠
٢- ناوی ئاژەڵ، وەک، (ناوی ئاژەڵ و باڵندە ... هتد) وەک، ناوی ئاژەڵ، پڵنگ (ن.) گیانداری دڕندەی بەناوبانگ: پڵنگ گیاندارێکی بەتوانایە. ل ٦٠
ناوی باڵندە، هەڵۆ (ن.) باڵدارێکی ڕەشی گەورەیە: هەڵۆ چاوەکانی تیژە. ل ٢٥٢
٣- ناوی ڕووەک، وەک، (ناوی ڕووک و گیا و میوە) ناوی ڕووەک، وەک، گوڵە بەیبوون (ن.ل.) جۆرە گوڵێکە: گوڵە بەیبوون گوڵێکی بۆنخۆشە. ل ٢١٤
ناوی گیا، وەک، ڕێحانە کێویلە (ن.ل.) جۆرە ڕێحانەیەکی دەشتی بۆنخۆشە: ڕێحانە کێویلە بۆنی خۆشە. ل ١٤٥

نـاوی مێوە، وەک، لیمۆ (ن.) ١-میوەیەکی زەردە وەکو نـارنج و پرتەقـاڵ: لیمۆیەکی بەتامە. ٢- ناوی ژنانە: لیمۆ ژنێکی شۆخ و شەنگە. ل ٢٢٤

٤- ناوی شـوێن، وەک، ( ناوی وڵات و شـار و شـارۆچکە و گوند و گەڕەک و ... هتـد) وەک، نـاوی وڵات، عێراق (ن.) نـاوی وڵاتە: عێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی پێک دێت. ل ١٧٩

ناوی شار، وەک، دهۆک (ن.) شارێکی باشووری کوردستانە: دهۆک شارێکی دڵگیری کوردستانە. ل ١٢٩

ناوی شـــارۆچکە، وەک، ئامێدی (ن.) ناوی شـــارۆچکەیەکی کوردســـتانە لە پارێزگای دهۆک: ئامێدی هاوینەهەواری سۆلاقی لێیە. ل ١٢

نـاوی گونـد، وەک، گڵەزەردە (ن. ل.) نـاوی شـــوێنە: گڵەزەردە گونـدێکی کوردستانە. ل ٢١١

ناوی هاوینەهەوار، وەک، زاوێتە (ن.) ناوی ســـەیرانگایەکە لە دهۆک، زاوێتە ناوچەیەکی خۆش و دڵگیرە. ل ١٤٨

ناوی شاخ، وەک، بەمۆ (ن.) ناوی شاخێکە: لوتکەی شاخی بەمۆ بەرزە. ل ٣٧

چەندین ناوی تر وەک، ناوی دەشت و ڕووبار و شوێنە بەناوبانگەکان و ڕووداوی مێژوویی و دیاردەی جوگرافی و ناوی نەخۆشـــی و زانیاری لە بارەی داب و نەریت ... هتد لە فەرهەنگەکە بەکارهاتوونە و ڕوونکراونەتەوە.

**٢-٣-٢) زانیاریی زاراوەی بوارەکانی خوێندن**

زاراوە بەکـارهـاتووەکـان لەم فەرهەنگە زاراوەی بوارە جیـاوازەکـانی قۆنـاغی خوێندنە لە بابەتەکانی خوێندن وەرگیراون، ئەم فەرهەنگە بۆ قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی دانراوە و ڕەچاوی ڕوونکردنەوەی زاراوەی بوارەکانی خوێندنی ئەم قۆناغەی کردووە، کە لە پرۆگرامی خوێندن هەیە، وەک،

وانەی زمانی کوردی، وەک، ئەندێشـــە (ن.) خەیاڵ، بیر: هۆنراوە ئەندێشـــەی وردی دەوێ. ل ١٨

قســـەی نەســـتەق (ن.) وتەی بەنرخ و باش: هەموو نەتەوەیەک قســـەی نەستەقی هەیە. ل ١٨٨

ئەم فەرهەنگە ئاماژە بە وشـــە و زاراوەی وانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی نادات، چونکە فەرهەنگەکە فەرهەنگێکی کوردی -کوردییە.

بابەتە زانستییەکان لە فیزیا و کیمیا و زیندەزانی پێکدێت.

وانەی فیزیا، وەک، هەلم (ن.) هەڵم، هلم، هێڵم، ئاو گەرم بێ، دەبتە هەڵم. ل ٢٥٤

تەرمۆمەتر (ن.) پێوەری گەرمی، تەرمۆمەتر جیوەی تێدایە. ل ٧١

وانەی کیمیا، وەک، زێڕ (ن.) کانزایەکی بەنرخ و زەردە زێڕ لە ئاگردا نافەوتێ. ل ١٥٣

زیو (ن.) زیڤ، کانزایەکی لە زێڕ نرخ کەمترە و ســـپی یە: ســـینی یەکە لە زیو دروست کراوە. ل ١٥٤

گۆگرد (ن.) کـانزایەکی زەردە زوو گڕ دەگرێ هێمـای کیمیـایی گۆگرد (s)ە ل ٢١٢

وانەی زیندەزانی، وەک، ئێسـقان (ن.) ئێسـک هی مرۆڤ یان ئاژەڵ: خواردنی شیر ئێسقان پتەو دەکات. ل ١٩

گەردبین (ن.) وردبین، میکرۆسکۆب: ڤایرۆس بە گەردبین دەدیترێ. ل ٢٠٥

وانەی بیرکاری، وەک، درێژی (ن.) ماوەی نێوان دوو خاڵە، درێژترە لە پانی: ڕووبەری لاکێشە یەکسانە درێژی×پانی. ل ١٢٧
بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە مێژوو و جوگرافی و پەروەردەی نیشتمانی پێکدێت.
وانەی مێژوو، وەک، گەڕیدە (ئان.) گەڕۆک، گەشـــتیار، گەڕهۆک، دونیا دیدە: گەڕیدە ڕۆژهەڵاتناسەکان زۆر شتیان لە سەر کورد نووسیوە. ل ٢٠٦
وانەی جوگرافی، وەک، ڕووتەن (ئان.) زەوی گیا و گۆڵی لێ نەڕواوە، ڕووتاو: زەوی ڕووتەن لە کوردستان کەمە. ١٤٣
کیشـــوەر (ن.) قاڕە، چەند وڵاتێک بەیەکەوە کیشـــوەرێک پێکدێنن، کیشـــوەری ئاسیا گەورەترین کیشوەرە لە جیهاندا. ل ٢٠٤
وانەی پەروەردەی نیشـــــتمانی، وەک، نیشـــــتمان پەروەر (ئان.) وڵات پەرێز، خزمەتکاری زێد، نیشتمان پەروەری ئەرکە. ل ٢٤٦
وانەی پەروەردەی ئیســـــلامی، وەک، حەڵاڵ (ئان.) حەرار، ڕەوا، دژی حەرام، گونجاو، ڕێپێدراو. ئەوەی خوا ڕیی پێداوە حەڵاڵە. ل ١٠٠. لەم خشـــــتەیەی خوارەوە ڕێژەی بەکارهێنانی زانیاریی گشـــتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن دەخرێتەڕوو.

خشتەی ژمارە (٥) زانیاریی گشتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن

| ژ | زانیاریی گشـــتگیری و زاراوەی بوارەکانی خوێندن | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | زاراوەی بوارەکانی خوێندن | ✓ |
| ٢ | زانیاریی گشتگیری | ✓ |
| ڕێژەی سەدی | | ٪١٠٠ |

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەگەین بە چەند ئەنجامێک لە بەکارهێنانی زانیارییە ســـەرەکییەکانی فەرهەنگی هەرزە. لەم خشـــتەیەی خوارەوە ڕێژەی ســـەدی زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ لە فەرهەنگی هەرزە دەخرێتەڕوو

خشتەی ژمارە (٦) زانیارییە سەرەکییەکان لە فەرهەنگی هەرزە

| ژ | زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگ | فەرهەنگی هەرزە |
|---|---|---|
| ١ | زانیارییە دەنگسازییەکان | ٪٠ |
| ٢ | زانیارییە وشەسازییەکان | ٪٦٠ |
| ٣ | زانیارییە ڕستەسازییەکان | ٪٦٦,٦٦ |
| ٤ | زانیارییە واتاسازییەکان | ٪٥٠ |
| ٥ | زانیـاریی گشـــــتگیری و زاراوەی بوارەکـانی خوێندن | ٪١٠٠ |
| ڕێژەی سەدی | | ٪٥٥,٣٣٢ |

**ئەنجامەکان**

١- لە فەرهەنگی هەرزە کە فەرهەنگێکی فێرکـاری (کوردی- کوردییە) بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی ئاماژە بە زانیاریی دەنگســـازی نەکراوە، تەنها هێماکانی خاڵبەندی بۆ ڕســـــتەکان بەکارهاتوونە، وەک، هێمای (.) بۆ ڕستەی هەواڵی و هێمای (؟) بۆ ڕستەی پرسیاری و هێمای (!) بۆ ڕستەی سەرسوڕمان.

٢- بە ڕێژەیەکی باش ئاماژە بە زانیارییە سەرەکییەکان دراوە لە فەرهەنگی هەرزە، کە بۆ پێویستی ئەو قۆناغە بگونجێت و بەکارهێنەری فەرهەنگەکە بتوانێت سوود لەو زانیارییانە وەربگرێت لە خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی.

٣- زانیاری ئاستەکانی زمان لە فەرهەنگەکەدا تواناى زمانەوانی لەلای بەکارهێنەری فەرهەنگ زیاد دەکات و زانیاری لە بوارەکانی وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازی بە بەکارهێنەری فەرهەنگەکە دەبەخشێت.

٤- زانیارییە سەرەکییەکانی فەرهەنگەکە یارمەتیدەرێکی باشن لە ڕوونکردنەوە و تێگەیشتن لە زاراوەی بوارە جیاوازەکانی ئەو قۆناغەی خوێندن لە وانەکانی وەک، بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و بابەتە زانستییەکان ... هتد.

٥-ئاماژە بە زانیاریی گشتگیری (ئینسکلۆپیدی) لە فەرهەنگی هەرزە دراوە و ئەم جۆرە زانیارییانە یارمەتیدەرێکی باشن لە فێربوون و فراوانبوونی ئاسۆی زانیاریی قوتابییان.

**Referens**


Ba zmany kurdy

1- Ali, Talib Hussein (2014), hande layan la peywendy newan rsta w wata la kurdida, bllawkraway akadimyay kurdi, chapkhanay haji hashm, hawler.

2- Amin, wria omer (2009), asoyaky try zmanewany- bergy yekem, dazgay chap w bllawkrdnewey aras, chapi dwam, hawler.

3- Dlshad, Mohammed Ghareeb (2019), hez w aksent le sewazary kerkwkda, zankoy slemany, kolejy zman, namay dktora.

4- Dzayi, Abdwlhaid Mwshir (2014), watasazi wsha w Rsta, la bllawkrawakany nawandi awer bo chap w bllawkrdnawa, chapi yakam, hawler.

5- Farhangi Harza (2012), komallek la mamostayany zmany kwrdy, chapkhanay haji hashm, hawler.

6- fatah, mohammed marwf (2011), zmanawany, bllawkraway akadimyay kurdi, chapkhanay haji hashm, chapi seyam, hawler.

7- Haji marf, awrahman (1987), la bwary farhangnwsy kurdida, la bllawkrawekany amindarety roshnbiry w lawan, matbaat alzaman, Baghdad.

8- Sheikh tayb, Shahab (2021), farhangsazi, chapkhaney hevi, chapi yakam, hewler.

9- Tofyq, Banaz Rafiq (2008), rega bneretyakany dawllamandkrdny farhangi kwrdy ladyalekty khwarwda, zankoy Baghdad, kolegy perwerdey ibn rwshd. Namay master.

Ba zmany arabi

10- Bn mdwr, Slyma (2005-2006), almujam almdrsy byn altalyf w istimal drase wasfya tahlylya maydanya, rsalat majster, jamia aljazayr.

11- Mama, Sangar Ali (2013), snaat muajam byn allkhatyn alarabya w alkwrdya drasat taqablya fy muajam auhadi allugha, atrwha, jamia Baghdad, kwlya ibn rwshd, atruha dktora.

12- Omar, Ahmad Mukhtar (2009), snaat mujam alhadith, altabat althanya, alam alktb, alqahra.

13- Tarsh, Jmoui (2012-2013), almwjam almuajah lltwlab fi zawi almujamiya alhadytha mujam altulab lywsf shukri- aynat, jamiat qasdi mrbah- wrqla, rsalat majster.

14- tarsh, jmoui w bujmlyn, lbukh, (2015), almujam altalimi: mafhumahu, khatawat snaatahu, almalwmat almuqadima fyhy. Mujsalat alathar, aladad 23,